سەروتار



ئیسماعیل بەرزنجی

# گۆڤارێکی قشت



زۆربەی رەخنەگرانی عێراق لەو باوەڕەدان، کە شاری کەرکووک مەڵبەندی نوێخوازی و تازەگەرییە، نووسەری ناسراو " جەبرا ئیبراهیم جەبرا " زۆر راشکاوانە وتوویەتی:

– ئەگەر شتێک لە عێراقدا بۆنی داهێنان و تازەگەریی لێ بێت ئەوا لە کەرکووکەوە سەرچاوەی گرتووە.

مەبەستی من لێرەدا کەرکووکی پەنجاکان و شەستەکانە کە داهێنەرانی وەک "جان دمۆ، جەلیل قەیسی، فازل عەزاوی، یوسف حەیدەری، سەرگۆن پۆلس، لەتیف حامید بەرزنجی" لێ کەوتووەتەوە.

ئەگەر چاوێکی خێرا، بە مێژووی چاپەمەنی لەو شارەدا بخشێنین دەبینین گۆڤارە ئەدەبییەکانیان هەردەم پێشەنگ بوون، کاتی خۆی "جەبرا"ی

ڕەحمەتی گۆڤاری "العاملون في النفط"ی دەردەکرد، دەیان دەقی پڕ لە داهێنانی جیهانی بڵاو دەکردەوە، گۆڤاری "شەفەق"یش لە چاو ئەو سەردەمەی کە تێیدا دەرچووە یەکێکە لە پێشەنگەکان.

ماوەیەکە گۆڤاری "نەوشەفەق"م بەدەست دەگات، هەست دەکەم گۆڤارێکی قشتەو دەچێتە بەر دڵانەوە، لە ڕووی دیزاین و دەرهێنانی هونەرییەوە زۆر ڕێک و پێکە، لە ڕووی هەڵبژاردنی بابەت و ریزبەندی بابەتەکاندا زەوقێکی جوانی پێوە دیارە، دیدارو چاوپێکەوتنەکان سەنگینن و دەخوێندرێنەوە، کوردییەکەشی تا رادەیەکی بەرچاو باش و رەوانە.

**نەوشەفەق لە رووی دیزاین و دەرهێنانی هونەرییەوە زۆر رێک و پێکە، لە رووی هەڵبژاردنی بابەت و ریزبەندی بابەتەکاندا زەوقێکی جوانی پێوە دیارە**

من کە "نەوشەفەق" بە نموونە دەهێنمەوە مەبەستم مەرایی و پانکردنەوە نییە چونکە نووسەرێکی "کەم نووس"م و تا ئێستا یەک بابەتم تێیدا بڵاو کردووەتەوە، بەڵام کاتێک گۆڤارێکی رێک و پێک دەبینم تێیدا شەش حەوت بابەتی باش دەخوێنمەوە ئەوا فەرەحناییەک دامدەگرێت، بە پێچەوانەوەش کاتێک تەیری عەنتیکەی بەناو گۆڤار دەبینم و سەیری وشەی هەلەق مەلەقی بەناو شیعر و زەڵاتەی بەناو چیرۆک و ترخێنەی بەناو وەرگێران دەکەم ئەوا بەرچاوم تاریک دادێت. رێگای داهێنان گوڵڕێژ نەکراوە، تژییە لە کۆسپ و ئاستەنگ، هونەر ئەوەیە نووسەر لە دوای خۆی شتێک جێ بهێڵێت کە خوێنەر بخاتە پرسیارەوە.

**رێگای داهێنان گوڵڕێژ نەکراوە، تژییە لە کۆسپ و ئاستەنگ، هونەر ئەوەیە نووسەر لە دوای خۆی شتێک جێ بهێڵێت کە خوێنەر بخاتە پرسیارەوە**

ئومێدی نوێ و بەخششی نوێتر بۆ "نەوشەفەق" دەخوازم.